www.kurdistannet.org
12-3-2003 23:22

# هاتن ژۆن تورکەکان

# (گورگەلە بۆری برسی)

**حەمەڕەشید هەرەس - کەنەدا**
hharas@gosympatico. ca

خوێناویترین مێژوو ئەمڕۆشی لەسەر بێت، مێژووی پانتۆرانیزمە، ئەمانە لە کرۆکی شۆڤێنیە تورکەکانی دەوڵەتی عوسمانییەوە سەرچاوەیان گرتووەو، سوڵتانەکانی ئەو ئیمپراتۆرییەتە بەو هەموو خوێنڕێژی و زۆرداریەیانەوە، حاڵیان بەدەست ئەمانەوە حەلوەللی بوو، تاساڵی ١٩٠٩ دوایین سوڵتانی عوسمانییان ترۆ کردو، لەوکاتەوە ئەمانە بەهەموو شێوەیەکی دڕندانە لەمنەی ئەوەدان لە هەر قوژبنێکی ئەم جیهانەدا تورکزمانێکی تێدابێت، ئەمان داگیریبکەن و لەووڵاتێکی یەکگرتووی ترکدا کۆیان بکەنەوە. تەنانەت چاویان نەك هەر لەووڵاتێکی وەك ئازەباییجانە، بەڵکو ئەمەندە ڕەگەزپەرستن، چاویان بڕیوەتەووڵاتانێکی وەك ڕووسیاو چینیش و دەلێن ئەو ناوچانەی تورکیان تێدا دەژی ئەوانە خاکی تورکن و ئەبێت بێنەوە سەر وڵاتی تورك.

( زیاگۆیك ئاڵپ ) فەیلەسووفی پانتۆرانیزم، فەلسەفەکەی لەسەر ئەوە داڕشتووە کە بەزۆری چەکو خوێنڕشتن هەموو جیهان بکەنە تورك، ئینجا نەوە دولی نەوە شوێنپێی ئەم خوێنڕێژەیان هەڵگرت و هەزارانی وەك جەمال خوێنڕێژ، کەمال ئەتاتورك، عیسمەت ئینۆنۆ، عەدنان مەندەریس، جەمال کۆرسێل و تا دەگاتە سەر سلیمان دیمیرێل، بلند ئەجەوید، تانسۆ چیلەر و ئینجا ئەم سەرۆکانەی ئێستایان، جا ئەمانە بە درۆودەلەسە لەمپەڕی ڕاستەوە، بۆ ئەوپەڕی چەپ دێنو ئەچن، بەڵام لەکرۆکدا هەر هەمان دڕندەن و ڕاست و چەپیان بۆ نییە هەر وەك کڵلش هەرگیز تاکەو تاك نابن، نمونەش بۆ ئەمە مستەفا کەمال لە سەرەتای سڵلانی بیستەوەخۆی کردبوو بە پشتوپەنای کۆمۆنیستەکانی سۆڤیەت و لەلایەکەوە پاساوی بۆ لینین دەهێنایەوە، لەلایەکی ترەوە کۆمۆنیستە تورکەکانی سەرکوت دەکرد، بەرامبەر بە کوردیش بێئابڕووانە لای کۆمۆنیستەکان دەیانکردنە دەرەبەگ و فیودالْ، لای ڕۆژئاواییەکانیش دەیانکردنە کۆمۆنیست و دژ بە ئیمپریالیست، یا لای ڕۆژئاوا بە ئیسلام، لای ئیسلامیش بەکافر، خۆیشیان ئەوەتا بە ئێستاشەوە هەر سەردەمەی بالۆرە بۆ بۆچوونێك لێدەدەن، کەلەناوەرۆکدا هەر هەموو بۆچوونێکیان تەنها مانەوەیانە و کەڵبە تیژکردنە بۆ گیانی کورد و پەلاماردان و فراوانکردنی ئەو وڵاتەی لەسەر خوێنی نەتەوەکانی کورد و ئەرمەن و گریك و لاز قوتیان کردۆتەوە. جا ئەمانە هەرچەندە پڕوپاگەندەی هەر فەلسەفە و بۆچوون و دین و ئیمانێك بکەن، هەر هەمووی درۆیە و مێژوو تەنها گەواهی بۆ خوینڕشتنیان ئەدات، هەر هەموو فۆتۆکۆپی ئەتاتورك و سیاسەتی پانتۆرانیزمن، کەتائێستا ملیۆنەها کوردیان هاوێشتۆتە ئە و پێناوەوە. تەنانەت دەتوانین بڵێین: شۆڤێنییە عارەبەکان و فارسەکانیش لەو دەرگایەوە هاتنە ژوورەوە بۆ خوێنڕشتن و پاکتاوکردنی کورد، کەئەمان زۆر لە مێژە خستوویانەتە سەر پشت. نموونەشمان بۆ ئەمە، چجای کۆکوزییەکانی دیاربەکر وان، ئاگری، قۆچ گیری. . . . . هتد، ساڵی ١٩٣٦ لە دژی شۆڕشی دەرسیم کە زانییان هیچ ڕێگەیەك نەما بۆ دلمرکاندنەوەی، هاتن نامەردانە بۆ یەکەم جار لەمێژووی جینۆسایدا گازی ژەهراوییان دژی کورد بەکارهێنا، هەزارەها بێتاوانیان بەو شێوەیە کوشت. سیاسەتی تورکاندنیش، بە شێوە ڕەگەزپەرستانە و ملهوڕییەکەی بێگومان پێش علرەباندن و فلرساندن ڕەنگی دایەوە و پیادەکرا. ئێستاشی لەسەربێت لەهیچ قوژبنێکی ئەم زەمینەدا نەتەوەیەکی وەك کوردی بن دەستی ترك نییە، بەو مەرەیە برابێت، ڕسوا، بەشخوراو، للرەملبێت.

ئەمڕۆ هەر هەموو جیهانی مۆدرین و دەوڵەتانی ئەوروپا، بەربڵاوترین هێرشی ڕەخنەیان بۆ تورك دەربارەی چەوساندنەوەی کورد بردووە، کەچی مێشێك میوانیان نییە و، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر بە ناخی جەرەتاوی ڕەگەزپەرستیدا دژی کورد ئەچنە خوارەوە.

خۆ ئەگەر هەر لایەنێکی دزێوی ئەمانە لەهەر ڕوویەکەوە، دژی کورد بگرین، یا مێژووی ژیلنی هەر یەك لە قەسابەکانی ئەم قوتابخانەی پانتۆرانیزمە تاوتوێ بکەین، ئەوا نەلە ووتن، نەلە نووسین، نەلەشرۆڤەکردن و لێکۆڵینەوە دێت و نەدەچێت بە مێشکی ئەوەدا لە نزیکەوە نەیانناسێت.

دەئێستاش وائەمانە بەرەو بلشوور دێن، دەیانەوێت ئەوەی بەعس پێینەکرا ئەمان بەئاسانی ئەنجامی بدەن، واهاتن دەیانەوێت مەلا ئیدریسی بەدلیسی دروستبکەنەوە و بۆ کوردستانی باشوور پێشوازییان بکات و لەسەر سینی زێڕ کلیلی دەرگای باشووریان بۆبەرێت. بۆ یەزدانشێرێکی تر دەگەڕێن، خیانەت و ناپاکی لەکورد و ووڵاتی کورد بکات و شۆڕشی باشووریان بۆ بتورکێنێت. بۆ مەلا خەتێیەکی تر منەیانە، لە دژ بەرەنگار بوونەوەیان تەڵاقی کورد بخات. بۆ دیاب ئاغایەکی تر عەوداڵن، برایەتی ئەو زەرووانە بۆ خوێنی کورد مسۆگەر بکات.

تۆ بڵێی. . . . . . . . . سەیرە !!!! تۆ بڵێی کورد نەتەوەیەکی هێندە کەڕەواڵە بێت؟

خۆ ئەگەر وابێت، دەبا پیرۆزملن بێت کۆیلەیی، نۆشی گیانمان بێت لارە ملیو نۆکەری. . . . . .

خۆ ئەگەر وابێت، بژی یەزدانشێر و دیاب ئاغا و مەلای خەتێ و مەلا ئیدریسی بەدلیسی. . . . بەخێربێت ئۆردوی مەغۆل و تەتەر بۆ ئابڕوو بردن و ڕۆمەت نەهێشتن و کاولکاری. ئەی ئەوەنییە چەند لە مێژە ئاوو هەواو شوێنەوارمان بۆ گەراکانیان لەبارکردووە، زوو بترووکێن و بکەونە چالاکی.

www.kurdistannet.org

کوردینه بۆنی خیانەت ئەکەم.
ناپاکی خۆیمان نیشان دەدا. لە چاوشۆڕی هەندێکدا یەزدانشێر بەرجەستە بۆتەوە.
لەبەراووردی لرفە و شاڵاوی شەپۆلی جەملوەری هەولێر و ئەوەی سلێمانیدا، گومان جەرگم گێرە ئەکات.
هۆ نەتەوە ستەمدیدەکەم ئەمرۆ رۆژی ئەوەیە جیاوازی دەنگی نەعرەتە و نووزەی مەرایی بکەین، نووزەی پاڕانەوە بۆ مانەوە، هەرکەسێ وتی : کوردینە مشتێ لەخاکمان، خەروارێ لە شەرەفمانە و بەری لەدوژمن گرت، ئەوەیان ڕاست ئەکات.
ئەوەی لەژێر لێویشەوە منجەمنجی کرد و خۆیشی نەیزانی وتی چیو، دوژمنی باوەکوشتەمانی کردە کەڵەگا بەسەرمانەوە، ئەوەیان بێگومانمان ئەکا، کەولە بەسەوزی فرۆشتوینی، خۆ بەم فرۆشتنەشیان، ئیتر تاماوین خۆمان ناکڕینەوە.
ئەگەر وانییە فەرموو ڕوونبەرەوە. ڕوونبەرەوە ئەگینا وەك دانێکی کلۆر لەناو دمی نەتەوەکەما، کاتی هەڵکێشانتە.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت